

محەممەد جەبار
یاریزانی تایکواندۆی یانەی شورتە

# بەهۆی کوردبوونم لە هەڵبژاردەی عێراق زۆر غەدرم لێکراوە



شاری کەرکووک لە مێژووی وەرزشیی خۆی خاوەنی چەندین کوڕ و کچە یاریزانی بەتوانایە لە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی و چەندین ئەنجامی باشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق هەیە و مێژوویەکیان بۆ شارەکە تۆمارکردووە، یاری تایکواندۆش یەکێکە لەم یاریانە کەوا لەم شارە گرنگیی تەواوی پێ دراوە، یەکێک لەم یاریزانانەش یاریزان محەممەد جەبار لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠شاری کەرکووکەو خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و دەرەوە و پێشتر بۆ کەرکووک یاری کردووە، بەڵام لەم ماوەیە بەپێی مۆرکردنی گرێبەستێک چۆتە ریزی یانەیەک لە شاری بەغداو تا ئێستاش بۆ هەریەک لە یانەکانی شەهید ماسیس و ئەرمەن و سۆلاڤ و مینا و شورتە یاری کردووە و چەندین جار باشترین یاریزانی عێراق و کوردستان بووە، ئێمەش لەنزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



***چۆن بوو خۆت لە ناو جیهانی تایکواندۆ دۆزییەوە؟**

-دوو هۆکار بوو کە وای لێکردم یاری تایکواندۆ هەڵبژێرم، یەکەم بۆ بەرگریکردن لە خۆم، چونکە تایکواندۆ یەکێکە لە یارییەکانی هونەری جەنگی، دووەم بۆ ئەوەی وەك وەرزشکاری بەناوبانگ بم و بناسرێم.

***ئاستی یاری تۆپی تایکواندۆ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- زۆر خراپە و زۆریش لە دواوەیە.

***ئایا ئەم یارییە بەهۆی کەمیی کردنەوەی پاڵەوانیەتی کێشەی هەیە، یان بەگشتی گرنگی پێ نادرێت؟**

-بەدڵنیاییەوە کەمیی پاڵەوانیەتی و خولەکان هۆکارن بۆ سستبوونی ئەم یارییە ئۆلۆمپییە، بۆیە پێویستە گرنگیی زیاتری پێ بدرێت، ئەگەر ئەمانە نەبێت، زۆر بە پاش دەکەوێت.

***پێتوایە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تایکواندۆ بەرەوپێش بچێت؟**

-پێویستمان بە سپۆنسەر هەیە بۆ پاڵەوانیەتییەکان، وەکو هەموو وڵاتانی جیهان پێویستە هەر ساڵ چەند پاڵەوانیەتییەك ئەنجام بدرێت، ئەگەر خولی کوردستان هەبێت بۆ یاری تایکواندۆ ئەوە هەر زۆر ئاستی یاریزان بەرز دەبێت.

***گرفتی یارییەکانی هونەرە جەنگییەکان زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-گرفتمان زۆرە، وەك نەبوونی مووچە هەروەها بۆ ماوەی سێ ساڵە پاڵەوانیەتی کوردستان نەکراوە، تەنیا ئەوەش کێشە نییە، هەموو بەرپرسانی تایکواندۆی کوردستان بەرامبەر ئەم یارییە کەمتەرخەمن.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

-بەرنامەم بۆ ساڵی ٢٠١٧ چوونە بۆ هەڵبژاردەی عێراق کە خۆم ئامادە دەکەم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان و پەنا بە خوای گەورە بە مەدالیاوە دەگەڕێمەوە.

***خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-خەونم بەدەستهێنانی پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتییە و ئاواتم ئەوەیە بتوانم ئاڵای وڵاتەکەم بەرزبکەمەوە.

***دەڵێن لە زۆر پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە لەسەر گیرفانی خۆتان و بە بێ سپۆنسەر بەشداری دەکەن، ئەوە تاچەند راستە؟**

-من بۆ چەند پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتی لەسەر خەرجی خۆم چووم و کەس نەبووە پاڵپشتیم بکات، هیچ بەرپرسێکی وەرزشیش هاوکارم نەبووە، زۆر بەداخەوە، ئەگەر سپۆنسەر هەبێت و یارمەتیدەر بێت بۆ من و چەند پاڵەوانێکی دیکە لە کوردستان ئەوا بێگومان پێویستیمان بە هیچ کەس نابێت.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و بەشداری لە یەکێك لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بکات؟**

-زۆریش بەهیوام کوردستان ببێت بە دەوڵەت و هەڵبژاردەی خۆی هەبێت، چونکە بە دڵنیاییەوە هەر لەبەر ئەوەی کە کوردم زۆر غەدرم لێکراوە لە هەڵبژاردەی عێراق، چەند پاڵەوانیەتیەك یەکەم و دووەم بووم، تا ئێستا منیان نەبردووە بۆ هیچ پاڵەوانیەتییەك.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

-باوکم هاوکاری سەرەکیم بووە، بەردەوام لە پشتم بووە بۆ سەرکەوتن لە وەرزشدا.

***هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردووی؟**

-بەڵێ بۆم هاتووە، بەتایبەتی کە ئێستا چوومەتە یانەی شورتە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-پێیان دەڵێم ئیتر لەوە زیاتر یاری تایکواندۆ سست مەکەن و پشتگوێی مەخەن، چونکە یاری تایکواندۆ یارییەکی ئۆڵەمپییە و دەتوانێ ئاڵای وڵاتێك بەرز بکاتەوە .

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست بۆ خزمەتکردنی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان و سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارم بوون.

دیمانە: کارزان کانەبی

# فاڵكاو بەمەرج لە مۆناكۆ دەمینێتەوە



رادامێـل فاڵـكاوی كۆڵۆمبـی مەرجەكانی نوێكردنەوەی گرێبەسـتەكەی لەگەڵ یانەی مۆناكۆی فەرەنسی ئاشكرا دەكات.

لـە لێدوانێـكدا بـۆ رۆژنامەی لیكیپی فەرەنسـی فاڵـكاو رایگەیاند لەگـەڵ یانەكەی ئاسـودەیە و هەسـت بەخۆشـیەكی زۆر دەكات، لەهەمـان كاتـدا خێزانەكەشـی بەژیانكردن لە مۆناكۆ دڵخۆشن وهەموو كارەكان بەباشی بەرێوەدەچن .

فاڵكاو كە گرێبەسـتەكەی هاوینی ساڵی داهاتوو لەگەڵ یانەی مۆناكـۆ تـەواو دەبێـت گووتـی: دەمەوێت لەگـەڵ یانەكەم بـەردەوام بـم، بـەڵام ئـەوە پەیوەسـتە بەبڕیـاری خاوەنـی یانەكە و ڤادیم ڤاسیلیڤی جێگری سەرۆكەوە .

لـە كۆتایـی لێدوانەكەیـدا فالـكاو ئاشكراشـیكردووە دەسـتەبەركردنی نازناوەكان لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەوروپا پەیوەندی زۆری دەبێت بە نوێكردنەوەی گرێبەسـتەكەی چونكـە لـەو پێناوەدا رویكردووەتە یانەی مۆناكۆ .

# سەرۆکی پاریس سان جێرمان هەڕەشەی سزای لێدەکرێت

ناسرِ خلێفی قەتەری سەرۆکی یانەی پاریس سان جێرمان بەهۆی ڕەخنەگرتن لە ناوبژیوانانی خولی فەرەنسا هەڕەشەی ڕاگرتنی لێدەکرێت.

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی بڵاویکردووە دوای شکستی یانەکەی بەئەنجامی (١-٣) گۆڵ بەرامبەر یانەی نیس، ناسرِ خلێفی سەرۆکی یانەی پاریس سان جێرمان ڕەخنەی لە ناوبژیوانی یارییەکە گرتوەو پێگووت یاریەکەت کوشت.

لیکیپ بڵاویشیکردووەتەوە لە ئێستادا دەستەی ڕەوشتی نیشتیمانی لە فەرەنسا داوایان لە لیژنەی چاکسازی لە یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا کردووە مەلەفێکی تایبەت لەسەر خلێفی ئامادەبکەن، تاوەکو لێکۆڵینەوەکانیان لەگەڵ سەرۆکەکەی پاریس سان جێرمان دەست پێبکەن.

خلێفی جگە لەو وتانەی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیشدا ناوبژیوانانی خولی فەرەنسای بە کابوس وەسفکردبوو، گوتی پێشکەوتنی خولی فەرەنسی پێویستی بە بەرەو پێشچونی دامەزراوەی ناوبژیوانان هەیە .

یاریەکەی پاریس سان جێرمان و نیس چەند ڕووداوێکی لەخۆگرت و ناوبژیوانیش هەردوو یاریزانی یانە پاریسیەکە مۆتا و دی ماریای بەکارتی سور لەیارییەکە بێبەشکرد.




# شمایکل شوێنی باوکی دەگرێتەوە

کاسپەر شمایکلی دانیمارکی و گۆڵپارێزی یانەی لیستەر سیتی لە پەیوەندی کردن بە یانەی مانچستەر یونایتد نزیک دەبێتەوە .

تۆڕی سکای سپۆرتی بەریتانی بڵاویکردووە لە ئەگەری ڕۆیشتنی داڤید دی خیا بۆ پەیوەندی کردن بە یانەی ریاڵ مەدرید، کاسپەر شمایکل دەبێتە جێگرەوەی ئەو گۆڵپارێزەو پارێزگاری لە گۆڵی مانچستەر یونایتد دەکات .

ئەو هەواڵە لە کاتێکدایە زۆربەی ڕاپۆرتەکان باس لە ڕۆیشتنی دی خیا بۆ ریال مەدرید دەکەن، بەبری ٦٠ ملیۆن پاوەند لە هاوینی ئەمساڵدا.

بەپێی هەواڵەکەی سکای سپۆرت خۆزێ مۆرینیۆ شمایکڵی تەمەن ٣٠ ساڵ بەباشترین جێگرەوە بۆ دی خیا دادەنێت و ئیدارەی یانەکەشی بەڵێنیان داوە داواکەی جێبەجێبکەن.

کاسپەر شمایکل کوڕی پیتەر شمایکڵی گۆڵپارێزی بە ناوبانگی هەڵبژاردەی دانیمارک و یانەی مانچستەر یونایتدە، شمایکڵی باوک لە ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ بەباشترین گۆڵپارێزی جیهان دەستنیشانکراوەو بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش گۆڵپارێزی شەیتانە سورەکان بووە .

## بارزان شێرزاد یاریزانی یانەی نەفتی وەسەت

# بیری هەولێر دەکات

یانەی هەولێر بە کشانەوەی لە خولی نایابی یانەکانی عێراق ژمارەیەك لە ئەستێرە دیارەکانی یانەکەو شاری هەولێر ریزی یانەی هەولێریان بۆ یانەکانی دیکە بەجێهێشت، یانەکانی عێراقیش ئەمساڵ سوودێکی زۆریان لە کشانەوەی هەولێر بینی لە خولەکە بەهۆی هێنانی یاریزانانی ئەوان بۆ ریزی تیپەکەیان، بارزان شێرزاد یەکێکە لەو یاریزانانەی کە خاوەن ئاستێکی بەرزە و رۆڵی گرنگی بینیوە لەگەڵ یانەی هەولێر لە خولی عێراق و کوردستان، ئێستاش لە یانەی نەفتی وەسەت یاری دەکات. بارزان شێرزاد بارەی یانە تازەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای کشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی چەندین یانە پەیوەندنیان پێوەکردم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم لە خولی عێراقی، منیش لە نێو هەموو ئەو گرێبەستانەی کە پێشکەشم کرابوون، یانەی نەفتی وەسەتم بە باشتر زانی بۆ یاریکردن لە ریزی تیپەکەیان کە تیپێکی بەهێز و تۆکمەیە.» لەبارەی کشانەوەی یانەی هەولێریش لە خولەکە بارزان پێیوابوو بەرپرسانی یانەی هەولێر بڕیارەکەیان هەڵە بووە کە لەم خولەدا کشاونەتەوە، لەبارەی داهاتووی خۆیشی لەگەڵ تیپەکان گوتی: « ناتوانم ئێستا هیچ بڕیارێك بدەم و بۆ ساڵی داهاتوو نازانم جارێك چی دەبێت، بۆیە لە کات و ساتی خۆی بڕیاری خۆمان دەدەین کە چی بکەین و چی لە بەرژەوەندی ئێمەدایە.» لە بارەی شاری هەولێریش بارزان گوتی: «زۆر بیری شاری هەولێر و خولی کوردستانیش دەکەم، چونکە ئەوانە هەمووی بۆمن یادگارین و ساتی خۆشم لە هەولێرو خولی کوردستان بەڕێ کردووە، هەولێریش شوێنی نیشتەجێبوون و لەدایکبوونمە و هەمیشە شیرینە لای من.» گوتیشی: «ئامانجی من لەگەڵ یانەی نەفتی وەسەت بەدەستهێنانی خولی نایابی یانەکانی عێراقییە کە ئەویش دەبێتە دەستکەوتێکی گرنگ لە ژیانی وەرزشیم، بۆیە هەموو هەوڵێکم دەخەمەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ یانەکەم باشترین ئاست پێشکەش بکەم.



## یەکێتی تۆپی

# ئەوپەڕی دادوەریم

هەرچەندە لە دوایین یاری خولی نایابی یانەکانی پێشمەرگەی کوردستان چەندین دەنگۆ بڵاوکرایەوە لەسەر ئەوەی کە بۆچی هەردوو یارییەکەی نێوان پێشمەرگەی هەولێر و کەرکووك و شێروانە و نەورۆز جیاوازی لە نێوان کراوە و زیاتر گرنگی بە یارییەکەی کەرکووك و پێشمەرگە دراوە، لەسەر دیاریکردنی باشترینەکانیش هەندێك گلەیی کراوە لەلایەن شەقامی وەرزشی، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەموو ئەو قسانە رەتدەکاتەوە. دڵشاد ساڵح ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە بارەی ئەو دەنگۆیانەی لەسەر خولەکە دەکرێت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم قسانە هیچ بنەمایەکی راستی نییە، چونکە ئێمە دوو جامان لەیەك کات بۆ هەردوو تیپی یەکەم و دووەم





# یانەکەی شارەزوور راهێنەرێکی نوێی دەستنیشان کرد

هەر چەندە وەرزی رابردوو یانەی سەیدسادق بە هەوڵ و هیممەتی دەستەی کارگێڕی و یاریزانان و دەستەی راهێنەران و پاڵپشتی هاندەرانی وەرزشی شارەکە بە هەر جۆرێك بێت، توانییان پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی پلە یەکی کوردستان بەدەست بهێنین و نزار ئەسعەد، راهێنەری یانەکەش دوای نەگەیشتنە رێککەوتن لەگەڵ یانەکە دەستی لەکار کێشایەوە، لە شوێنی ئەویش دکتۆر نازم شێخ جەبار مامۆستای کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی سلێمانی بە فەرمی بووە راهێنەری یانەکە، لەم بارەشەوە دکتۆر نازم شێخ جەبار راهێنەری یانەی سەید سادق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەفەرمی لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی یانەکە رێککەوتووم بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتێك بە تیپەکە بکەم لە داهاتوو لە خولی پلە یەکی کوردستان، لەگەڵ یاریزانەکانیش کۆبوومەتەوە و یەکەم یەکەی مەشقیمان ئەنجامداوە.» لەبارەی گۆڕانکارییەکانیش دکتۆر نازم گوتی: «بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری دەکەم، چونکە چەند یاریزانێکی سەرەکی لە تیپەکە رۆیشتوون، ئەوەشی پێمان بکرێ بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش لە یانەکە ئەنجامی دەدەین.»

پێی کوردستان:

## ــــــــان نواندووە

دروست کردبوو لە هەردوو یاریگای پیرمام و شێروانە دامانابوو، جارێکی تریش ئەوە دەنگۆیانەمان رەتکردەوە، جگە لەوەش یاری پێشمەرگە و کەرکووك نۆ خولەك پێش یاری شێروانە و نەورۆز دەستی پێکردو پێش ئەویش کۆتایی هاتووە، بۆیە هیچ شتێکی تێدا نەبووە کە جێگای گومان بێت، ئەگەر نەورۆز یارییەکەی ببردبایەوە بێگومان جامەکە بۆ ئەو دەبوو.»

لە بارەی دیاریکردنی باشترینەکانیش دڵشاد ساڵح گوتی: «ئەم دیاریکردنانە بە سێ قۆناخ بووە، قۆناخی یەکەم راگەیاندکاران بوون و دووەمیش راهێنەران و سێیەمیش کاپتنی تیپەکان دەنگیان داوە، کەواتە هیچ کارێك نەکراوە بۆ هیچ کەسێك بۆ ئەوەی ببێت بەباشترین، سەرەڕای ئەوەش کە بودجە وەکو پێویست نەبووە، بەڵام خولەکە بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچووە، کەموکوڕیش هەبووە، بەڵام ئێمە گوێ بەهیچ شتێك نادەین بۆ سەرکەوتنی خولەکە.»

